# حزب و کۆمەڵگا یان حزب و هێشتنەوەی جیاوازی چینایەتی

**بەشی سێیەم**

هاورێ مەنسور لە لاپەڕە سێدا " حزب و کۆمەڵگا , وەرگێڕانی سالار ڕەشید " دەڵێت : پەیوەندی حزب و چین ئەمجارەیان بە مانای یەکیەتییەک کە حزب دەبێت لەگەڵ چین دا پێکی بهێنێت , یەکگرتنی حزب لەگەڵ چین دا , جێگای کرێکار لە حزب دا , .....هتد .

لێرەدا حزب یەکەیەکی سەربەخۆیە و دەیەوێت لەگەڵ چینی کرێکاردا , ڕێککەوتن نامەی یەکگرتن مۆر بکات ! بەڵام ئەم یەکگرتنەی حزب لەگەڵ چینی کرێکاردا لە پێناوی چیدایە ؟ لە پێناوی نوێنەرایەتی کردنی چینی کرێکاردایە . لە لاپەڕە 6 دا دەڵێت : " چینی کرێکار بهێنێتە مەیدان و نوێنەرایەتی بکات " . لە کۆمەڵگای چینایەتیدا , دروست بوونی چینەکان بۆ یەکلایی کردنەوەی دەسەڵاتی چینایەتیین . بەجیا و سەربەخۆ لە ململانێ چینایەتییەکان دروست نابن . واتە هەموو حزبێک دەبێت سەر بە چینێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراو بێت . حزبی چینی کرێکاریش دەبێت سەر بە چینی کرێکار بێت . ئەگەر سەر بەو چینە نەبێت " واتە ئەگەر بەشێک نەبێت لەو چینە " و لە دەرەوەی ئەوەوە هاتبێت , ئەوا دەبێت سەر بە چینێکی تر بێت . هاورێ مەنسور کە باسی لە یەکگرتنی حزب کردووە لەگەڵ چین " تەبەقە " دا , دەبوایە پێش هەموو شتێک ڕوخساری چینایەتییانەی حزبەکەی بخستایەتە ڕوو . شوێنی لێوە هاتنی حزبەکەی دیاری بکردایە . چۆنیەتی پێکهاتنی حزبەکەی لە دەرەوەی چینی کرێکار و لە دووتوێی پەیوەندییە فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی چینەکەی خۆیدا باس بکردایە . دەبوایە بەرنامەی کاری حزبەکەی بە پەیوەند بەو چینەوە کە حزبەکەی لێوە هاتووە , ڕاڤە بکردایە . خۆ ئەگەر حزبەکەش حزبی چینی کرێکارە , دەبێت لە ناوجەرگەی پەیوەندییە چینایەتییەکانی کرێکارانەوە دروست ببێت . دەبێت هەڵگری خاسیەتەکانی چینی کرێکار بێت . دەبێت ئاوێنەی ڕووخساری چینایەتییان بێت . دەبێت ئامانجە چینایەتییەکانی کرێکاران , ئامانجەکانی ئەمیش " حزب " بێت . دەبێت میکانیزمەکانی خەباتی چینەکە لە خۆیدا " واتە لە حزبدا " مشت وماڵ بکات و پەرەی پێ بدات . دەبێت یاسا چینایەتییەکانی کرێکاران بۆ شۆڕش و سۆشیالیزم , چوارچێوەی هەڵسوڕانی ئەم دیاری بکات . حزبێک کە چینی کرێکار خۆی دروستی بکات , یانی بەشێکی جیا نەبووەوەی چینەکەیە , سەربەخۆ بوونی بە سەربەخۆ بوونی چینەکەوە دیاری دەکرێت . یەکگرتن لەگەڵ چینی کرێکاردا بۆ حزبێکە کە لە دەرەوەی چینەکەوە هاتبێت . هەرچۆن بێت , دەبوایە لانی کەم , میکانیزمەکانی یەکگرتنی ئەم دوو هێزەی دیاری بکردایە . هاورێ مەنسور بەجیا لەوەی کە خۆی لەم ووردەکاریانە پاراستووە , بە ڕۆشنی ئەوەی باس کردووە کە حزبێکی کۆمۆنیست بۆ چینی کرێکار دادەمەزرێنێت . ئەم حزبەش کە دایدەمەزرێنێت بۆ هێنانە مەیدانی چینی کرێکار و نوێنەرایەتی کردنیەتی . هاورێی خۆشەویستمان باسی ئەوە ناکات , کێ ئەو مۆڵەتەی داوەتێ کە بە ناوی چینی کرێکارەوە حزب دابمەزرێنێت . ئایا پرسی بە کرێکارانی هیچ کارخانەیەک , ڕابەرانێکی کرێکاری , هیچ جۆرە ڕێکخراوێکی سیاسی کرێکاران , سەندیکایەک , نوێنەرانێکی ئەوان لە هەر جێیەک بێت , کردووە ؟ ئەگەر دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی ئەم ڕێگایەی لەوان بە ئاشکرا و بە تەواوی گرتبێت , ئەی ئایا خۆیان " واتە هاورێ مەنسورو ئەوانی تر " هیچ هەوڵێکی نهێنییان " ئەگەر بە ئاشکراش نەیان توانیبێت " لەم بارەیەوە داوە ؟ خۆ ئەگەر ئەمەش بە کارێکی پۆپۆلیستانە بزانن , ئەی نەدەکرا ڕوونی بکەنەوە کە چۆن چۆنی نوێنەرایەتی دەکەن ؟ لە کۆمەڵگادا مەرجی نوێنەرایەتی لە لایەن کەسێکەوە بۆ کێشەیەک , ئەوەیە کە پرس بە خاوەنی کێشەکە " جا ئەگەر کەسێک بێت یان لایەنێک بێت " کرابێت و ئەویش بە پێی ڕاسپاردەیەک کە

دەیداتێ و بە پێی بارودۆخێک کە لە ئارادایە و بە پێی چوارچێوەیەک کە بۆی دیاری دەکات , مۆلەتەکەی پێ دەبەخشێت . ئەگەر هاوڕێ مەنسور پێی وابووبێت کە ئەوان حزب بۆ نوێنەرایەتی کرێکاران لە مەسەلەی وەرگرتنی دەسەلاتی سیاسیدا دروست دەکەن و ناچنە ناو پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانەوە . یانی ئەوان ئەگەر پێیان وابووە کە بەدەر لە مەسەلە و کێشە و کارە کۆمەلایەتییەکان , دەیانەوێت لە بواری سیاسەتی کرێکارانەدا هەلسوڕانی خۆیان وەکو تەشکیلاتێک کە دایدەمەزرێنن بە ئەنجامی بگەیەنن , دەبوایە دابڕانی فاکتەرە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانیان لە یەکتری , بۆ خوێنەر و خەلکانی ڕادیکال و چینی کرێکار ڕوون بکردایەتەوە . دەبوایە سەربەخۆ بوونی دنیای سیاسەتی کرێکارانەیان لە دنیای پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان ڕابگەیاندایە . دەبوایە پێناسەیەکی تریان بۆ شۆڕشی کۆمەلایەتی چینی کرێکار بدایە . تەنانەت ئەگەر گریمان وایە و ئەوان تەنیا لە مەیدانی سیاسەتدا نوێنەرایەتی دەکەن , بەلام بە پێی زانستی لۆژیک و ڕا و تێگەیشتنی کۆمەلانی خەلک , نوێنەرایەتی تەنیا بۆ ماوەیەکە و هەرگیز هەمیشەیی نەبووە . واتە , دەبوایە ماوەی نوێنەرایەتی کردنەکەیان دیاری بکردایە . نوێنەرایەتی کردن بە بێ دیاری کردنی ماوە " کات " بە پێی هەموو پێوانەیەک دەرچوونە لە بازنەی لۆژیک . ئەم هاوڕێیەمان بە کردەوە و بە پێی ئەو میتۆدەی کە پیادەی کردووە , نەیتوانیوە چینی کرێکار وەکو چینێکی جیهانیی بناسێت , چونکە لە لایەکەوە حزبێکی لۆکالی " بە تەنیا پەیوەست بە کرێکارانی ئێرانەوە " دروست کردووە و لە لایەکی تریشەوە شێواز و هەلسووڕان و ئامانجی جیهانیی " نێونەتەوەیی " چینی کرێکار لە حزبەکەدا سەرنگومە " بزرە " . هاوڕێ مەنسور کە ئەو مافەی بە خۆی داوە بۆ دامەزراندنی حزب و نوێنەرایەتی کردنی چینی کرێکار بەو حزبە , دەبوایە ئەو مافەشی بە فەرمی بۆ هەموو ئەو کەسانە بناسیایە کە هەمان جۆر حزب بۆ چینی کرێکار " بەجیا لە حزبەکەی هاوڕێ مەنسور " دادەمەزرێنن و دەیانەوێت نوێنەرایەتی چینەکە " واتە چینی کرێکار " بکەن . ناکرێت مافێک بۆ خۆت بە فەرمی بناسیت و خەلکانی تری لێ بێبەش بکەیت . ئەگەر مەسەلەکە ئاوا بکەوێتەوە کە گوایە هاوڕێ مەنسور لە سەر بناغەیەکی مارکسیستی حزبی دروست کردووە و مارکسیزمیش بۆ خۆی زانستی ڕزگاری بەخشی چینی کرێکارە , ئەوا دەبوایە ووتەکانی مارکس ی لەم بوارەدا دەست نیشان بکردایە . ڕوونی بکردایەتەوە کە مارکس ڕێک لەم ڕووەوە ئەوە دەلێت کە هاوڕێ مەنسور پێی هەلدەستێت . لە ڕاستیدا دانانی حزبێک بە نوێنەری چینی کرێکار , دەزگایەکە لە بیر کردنەوە کە چینی کرێکاری تیا بە نزم دەگیرێت . ئەو ئەرکە مێژوویییەی بە چینی کرێکار سپێردراوە لە ڕزگار کردنی مرۆڤایەتیدا , لێی وەردەگیرێتەوە .چینەکە " واتە چینی کرێکار " هەرچەندە زۆربەی دانیشتوانی سەر ئەم گۆی زەوی یە پێک دەهێنن , وە هەچەندە هێزی ڕاگرتنی کۆمەلگاکانی سەر زەوییین , وە هێزی شۆڕش و گۆڕانکاری و دامەزرێنەری کۆمەلگای سۆشیالیستیین " سۆشیالیزمی ڕاگوزار نەک جێگیر " , کەچی لەم تێڕوانینە سەروچینایەتییەی هاوڕێ مەنسوردا شیاوی ئەوە نین کە نوێنەری خۆیان بن و دەبێت وەک کۆیلەکانی زەمانی زوو چۆن بە شوێن خاوەنەکانیانەوە بوون , ئەمانیش " واتە کرێکاران " ئاوا بە شوێن حزبەکانیانەوە بن . ئەم تێڕوانینە هەر ئەو تێڕوانینەیە کە بۆرژواکان چینی کرێکاری پێ دەبینن . لە جیاتی ئەوەی ئەم هاوڕێیەمان بە شوێن ئەوەوە بوایە کە چۆن چۆنی دەتوانێت حزبەکە بداتە دەست چینی کرێکار , یان شوێنی ڕابەرایەتی چینەکە لە ناو حزبەکەدا و بۆ هەلسووڕانی لە پێناوی چینەکەدا بدۆزێتەوە , هاتووە بە شوێن ئەوەوە بووە کە چۆن چۆنی حزبەکە بکات بە نوێنەری چینەکە و چینەکە لە پێناوی سەرخستنی حزبەکەدا و بە دەوریدا کۆی بکاتەوە . هاوڕێ مەنسور , خۆی واتەنی , دەیەویست بەم حزبە چینی کرَێکار بێنێتە مەیدانەوە . لێرەدا و لەم بۆچوونەدا ئەو ڕاستییە بە ئاشکرا بزر دەبێت , کە چینی کرێکار بەدەر لە ویستی هاوڕێ مەنسور خۆی ڕۆژانە لە مەیداندایە . لە هەموو لایەکەوە و بە شێوازی جۆراوجۆر لە شەڕی چینایەتیدایە لەگەل بۆرژوادا . هۆشیاری چینایەتی هاوڕێ مەنسور و هەموو ئەو کۆمۆنیستانەی تریش کە بە پانتایی جیهان و بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەکە " بە ئێستاشەوە " گەلالە بووە و گەلالە دەبێت ,

دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی نەپساوەی چینی کرێکار و شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکانی لە پرۆسە مێژوویی و سەرتاسەرییەکەیدا . چینی کرێکار بۆ هاوڕێ مەنسور و هیچ کەسێکی تر ڕانەوەستاوە و ڕاش ناوەستێ تا حزبی بۆ دروست بکەن و بیهێننە مەیدانی شەڕی چینایەتییەوە . گرفتی چینی کرێکار لە هاتنە مەیدانیدا نییە . لە دۆزینەوەی شێوازەکانی یەکگرتنیدایە لە سەر ئاستی جیهان . لە دۆزینەوەی ئامرازێکدایە کە خەباتێکی سەراسەری پێ بکات . لە چۆنیەتی ڕاگەیشتنیدایە بە سۆشیالیزمی ڕاگوزار و تێپەڕ بوون لێیەوە بۆ کۆمۆنیزم . لە دۆزینەوەی یاساکانی هەڵوەشاندنەوەی کاری کرێگرتەدایە . لە پەی بردنی زیاتریدایە بە ڕابەرایەتی بە کۆمەڵ لە خەباتی ڕۆژانەیدا . لە پەی بردن و هێنانە دەرەوەی ئامرازی چینایەتی خۆیدایە بۆ شۆڕش و سۆشیالیزم بە ڕووخساری جیهانییانەوە . گرفتی چینی کرێکار هەرگیز لەویادا نەبووە کە بیهێنێتە مەیدان و نوێنەرایەتی بکەیت . ئەم دوو تێزی هێنانە مەیدان و نوێنەرایەتی کردنە , دوو تێزی تا بیینەقاقا سەروچینایەتیین . دوو تێزن بۆ لە قاڵبدانی چینی کرێکار و بە نزم گرتنی . دوو تێزن بۆ کردنی شەڕەکان بە کرێکاران و خۆماڵیی " تەئمیم " کردنی سەرکەوتنەکان و دەستکەوتە مادییەکانیش لە لایەن حزبەکانەوە . دوو تێزن ڕێک هەڵێنجراوی دەزگای بیر کردنەوەی چەپی ڕۆشنبیرن لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریدا . هاوڕێ مەنسور لە لاپەڕە 4 دا دەڵێت : ( , بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە چینی کرێکار بێبەشە لە حزبێک کە لە مەیدانی سیاسەتی سەراسەریدا , لە ململانێی دەسەڵاتدا , نوێنەرایەتی بکات و ڕێکی بخات و هێزی ئەم چینە وەگەڕ بخات و ڕێنوێنی بکات ) . سەیری ئەم دەستەواژانەی هاوڕێ مەنسور : نوێنەرایەتی بکات , ڕێکی بخات , هێزی ئەم چینە وەگەڕ بخات , ڕێنوێنی بکات . مانای بناغەیی هەموو ئەم دەستەواژانە بە نزم گرتنی چینی کرێکارە . بەزەیی هاتنەوەیە بە چینی کرێکاردا بۆ دەستە پاچەیی و هەژاری و داماوی یەکەی لە هۆشیاری و ڕێکخستنی خۆیدا لە مەیدانەکانی سیاسەت و ململانێی دەسەڵاتدا .هەموو ئەم قسانە ڕێخۆشکەرن بۆ داسەپاندنی حزب وەکو فەرمان ڕەوا بە سەر چینی کرێکاردا . هاوڕێ مەنسور دەیتوانی بڵێت کە خۆی و هەموو کۆمۆنیستەکانی پێش خۆی و دوای خۆیشی لە هۆشیاری چینایەتیدا قەرزداری خەباتی مێژوویی و سەراسەری چینی کرێکارن لە سەر ئاستی جیهان . دەیتوانی بڵێت بە تەمان حزبێک دروست بکەن کە چینی کرێکار خۆی میکانیزمەکانی دروست بوون و هەڵسووڕانی لە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا داونەتێ . دەیتوانی بڵێت حزبێک دروست دەکەن کە چینی کرێکار خاوەنی دەبێت نەک ئەوان " مەبەست هاوڕێ مەنسور و ئەوانە " . دەیتوانی بڵێت حزب بۆیە دروست دەکەن , بۆ ئەوەی چینی کرێکار لە بەکار هێنانیدا وەکو ئامرازێک " بەڵام بە کردەوە نەک بە قسە " دەسەڵاتی سیاسی پێ بگرێتە دەست . ئەمانە و زۆر شتی تریش هەبوون لە ڕوانگەی فکری مارکسیزمەوە دەیتوانی ڕای بگەیەنێت . , بەڵام چونکە دەزگای بیر کردنەوەی لەمەڕ حزب و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگاوە پێچەوانە بووە بە میتۆد و فکری مارکس , نەیتوانیوە تێڕوانینێکی دایلێکتیکانەی بۆ چینی کرێکار و جیهانی بوونی و مێژووی خەباتی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سۆشیالیزمی ڕاگوزار هەبێت . یەکێک لەو خاسیەتانەی کە هەموو ڕیڤیژینستەکان " تەحریفییەکان " لە مارکسیزم جیا دەکاتەوە , بە نزم گرتنی چینی کرێکارە لە دەزگای بیر کردنەوە و شێوازی کار کردنیاندا . هاوڕێ مەنسور لە لاپەڕە 5 دا دەڵێت : ( بەڵام ئەرکی ئێمە پێکهێنانی حزبێکی سیاسی یە کە لە چەقی ململانێی دەسەڵاتی نێو کۆمەڵگادا ئاڵای کرێکار , ئاڵای یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی هەڵبکات و بە شێوەیەکی بابەتی خۆی لایەکی ئەم ململانێیە بێت و شانسی سەرکەوتنی هەبێت لەم ململانێ سیاسییەدا ) . بەرز کردنەوەی ئاڵای کرێکار لە لایەن حزبێکەوە کە خۆی بە حزبی کۆمۆنیست بزانێت , پێش هەر شتێک بە مانای هەبوونی دەسەڵاتی چینایەتییانەی کرێکاران دێت لەو حزبەدا . لە حزبەکەی هاوڕێ مەنسوردا نەک چینی کرێکار دیار نەبوو , بەڵکو ئاسەوارێکیش لەو ڕووەوە نەبوو . ئەوەی کە هەبووبێت تەنیا کۆمەڵێک قسە و لافیتە و هەڵسووڕانی نا کرێکارانە بوو . حزبێک کە چینی کرێکار هەڵی نەسووڕێنێت , ئاڵای چینی کرێکاری چۆن تیا بەرز دەکرێتەوە ؟ ئەو ئاڵایە بە حزبێک بەرز دەکرێتەوە کە ئامرازی

خەباتی چینەکە بێت نەک ڕابەری بە زۆر داسەپاو بە سەریدا . حزبێک کە بیەوێت دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست , دەبێت ئاڵای خۆی " واتە حزبەکە " بەرز بکاتەوە , نەک ئاڵای چینێک کە لە ڕوانگەی ڕابەرانی حزبەکەوە پاشکۆی حزبەکە و ئامرازی دەستی حزبەکە بێت . هاوڕێ مەنسور لە لایەکەوە ئاڵای چینی کرێکاری بەرز کردووەتەوە و لە لایەکی تریشەوە حزبەکەی کردووە بە سەنتەر و دەسەڵاتدار , بۆ کۆکردنەوەی ئەندامانی چینەکە بە دەوریدا و چەق پێ بەستنیان لە ژێر سایە و ڕکێفی حزبدا . حزبێک کە دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار لە دەستی خۆیدا دابنێت , ناتوانێت ڕاستگۆیانە ئاڵای چینی کرێکار بەرز بکاتەوە . لۆکاڵ پێ کردنی چینی کرێکار و پاشکۆ پێ کردنی بۆ حزب , دوو پایەی بناغەیی لە دەزگا تیۆرییەکەی هاوڕێ مەنسور پێک دەهێنن . دەزگایەکی تیۆریش کە لە سەر ئەو بناغەیەوە دابمەزرێت , نەک ئاڵای چینی کرێکار بەرز ناکاتەوە , بەڵکو ناشتوانێت ڕێگری کارای بەردەم ئەو ئاڵا هەڵکردنە نەبێت . هاوڕێ مەنسور کە باسی لە بەرز کردنەوەی ئاڵای یەکسانیخوازی کردووە لە سەر ئاستی کۆمەڵگا , باشتر وابوو لایەکی بە لای ڕیزەکانی تەشکیلاتەکەیشیدا ( واتە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران ) بکردایەتەوە و ئەو ناتەبایی و جیاوازی و نا یەکسانی یانەشی بە سەر بکردایەتەوە . هاوڕێ مەنسور لە باسەکەیدا ئەوەی بە لایدا ناچێت مەسەلەی چەوساندنەوەی ئەندامانە لە لایەن ڕابەرایەتییەوە . ئەو دەست کورتییەی ئەندامان و ئەو باڵا دەستییەی ڕابەرایەتی بە شتێکی ڕۆتین دەبینێت . ئاخر حزبێک نایەکسانی لە ناو ڕیزەکانی خۆیدا بە فەرمی بناسێت , چۆن لە سەر ئاستی کۆمەڵگا ئەو نایەکسانی یە لە ناو دەبات . بە نایەکسانی خەبات بۆ یەکسانی ناکرێت . مەسەلەی یەکسانی شتێک نییە دابڕ دابڕ بکرێت . ناکرێت بۆ شوێنێک بتدەوێت و بۆ شوێنێکی تر نەتدەوێت . یان لە ناو حزبیشدا ئەو یەکسانییە داوا بکە , یان لە سەر ئاستی کۆمەڵگاش داوای مەکە . پیادە کردنی نایەکسانی لە ناو حزیدا و داوا کردنی یەکسانی لە کۆمەڵگادا , لە هەڵفریواندنی کۆمەڵانی خەڵک زیاتر شتێکی تری لێ ناکەوێتەوە . . ئەم گوێ نەدانەی بەو جیاوازی یەی کە لە حزبدا هەبوە , هاوڕێ مەنسوری گەیاندووەتە ئەو جێگایەی کە تەنیا ڕابەرایەتی و کەسە ناسراوەکانی بۆ گرنگ بێت . هاوڕێ مەنسور بە لایەوە گرنگ نەبووە کەسەکانی دەوروپشتی بە چ ڕادەیەک زانستییانە بیر دەکەنەوە و چەندەیان لەو بارەیەوە پێیە . ئەوەی بە لای ئەوەوە گرنگ بووە ناسراو بوون و هەڵسووڕانی تەشکیلاتی بووە . گرنگ بە لای ئەوەوە ئەو کەسانە بوون کە هەڵپەی دەسەڵاتیان کردووە . لانەدان لە هێڵی دەسەڵات ( دەسەڵاتی حزبیی , یان با ڕۆشنتر بڵێم : دەسەڵاتی ڕابەرایەتی ) پێوەری متمانە بووە بۆ کادرەکان . مرۆڤی تیۆریست و کارامەی ناو تەشکیلات , بەدەر بووبێت لە هەڵپەی دەسەڵات , جێگای بایەخ پێدانێکی ئەوتۆ نەبووە کە شیاو بێت بۆی . کاری تەشکیلاتی بۆ هەموو کەسێک یەک یاسا زاڵ بووە بە سەریدا کە ئەویش هەڵپەی دەسەڵات بووە بۆ حزب . جا حزبێک بە پێودانگێکی ئاوا دابمەزرێت و بڕوات بە ڕێوە , دەبێت چ دڵێکی بۆ چەوساوەکان پێ خۆش بکرێت . با هاوڕێ مەنسور بەوپەڕی نیاز پاکی و دڵسۆزیشەوە ویستبێتی ئاڵای یەکسانیخوازی بەو حزبە بەرز بکاتەوە , بەڵام چونکە لە بناغەدا ویستویەتی حزبەکە بە ئاقاری دەسەڵاتدا بڕوات و هەموو شتێکیش دەبوایە لەو پێناوەدا بوایە , ئیتر ئەو ئاڵایە هەر دەبوایە بە کەوتوویی لە ناو ئەو حزبەدا تا ئێستاش کە بوون بە دوان , بمێنێتەوە . مەسەلەی دەسەڵات دەبێت لە دووتوێی کارە مرۆییەکانی حزبەوە بڕواتە پێشەوە . دابڕینی دەسەڵاتی سیاسی لە کارە مرۆییەکان و پێبەخشینی ئەو سەنتەرەی کە دەبێت هەموو کار و هەڵسووڕانێکی تەشکیلاتی بە دەوردا کۆ ببێتەوە , حزب دەخاتە پرۆسەیەکەوە کە بە کردەوە ئاراستەی پێچەوانە وەر دەگرێت لە بەرانبەر هەموو لافیتەیەکی شۆڕشگێڕانەدا کە بەرزی دەکاتەوە . لێرەشەوە بێگومان بێ متمانەیی کرێکاران و خەڵکانی تری چەوساوە دەست پێدەکات . بەڵام ئەگەر لە سەرێکی ترەوە بڕوانینە مەسەلەکە , ئەم تەوەرە بەستنە بە دەوری دەسەڵاتدا , پێش ڕاگەیاندنی هاوڕێ مەنسور یش , پێکهاتەی حزبیی و سیستمی کاری تەشکیلاتی تیایدا کە لە ناوەندێتی سەرەوە و زنجیرە مەراتیب و دیسپلینی حزبیدا بەرجەستە دەبێتەوە , توخمە بنچینەییەکانی ( هی ئەو تەوەرە بەستنە ) دادەڕێژن

. بەرز کردنەوەی دوو شتی ناکۆک بە یەکتری ( مەبەست لێرەدا لە دەسەڵاتی سیاسی و یەکسانی یە ) بە کردەوە جێگیر کردنی یەکێکیان و وەلانانی ئەوی تریانە . ئەمە جگە لەوەی کە بەرز کردنەوەی لافیتەی وەر گرتنی دەسەڵات نایەتەوە لەگەڵ پێشێل کردنی یەکسانی لە دەسەڵاتدا لە ناو خودی حزبدا . بەجیا لەوەی چ بارودۆخێک لە ناو حزبدا لە ئارادایە , باشتر وابوو هاوڕێ مەنسور لە سەر ئاستی کۆمەڵگا پاشکۆ بوونی یەکێکیانی بۆ ئەوی تریان ڕابگەیاندایە ( واتە پاشکۆ بوونی دەسەڵاتی سیاسی بۆ یەکسانیخوازی یان بە پێچەوانەوە ) . ڕۆشنە کە لای ئەو یەکسانیخوازی و هەموو شتێکی تریش پاشکۆ بووە بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی , بەڵام ڕاگەیاندنی ڕاشکاوانە , گومان و چەواشە بوون ناهێڵێ َت . هاوڕێ مەنسور لە پاڵ بەرز کردنەوەی ئاڵای یەکسانیخوازیدا , ئاڵای ئازادیخوازیش بەرز دەکاتەوە , لە کاتێکدا کە ئازادی بۆ خودی ئەندامەکان و لە زۆربەی مەیدانەکاندا قەدەغە بووە و تا ئێستاش هەر قەدەغەیە . بۆرژوا چۆن ئازادی لە کۆمەڵانی خەڵک لە سەر ئاستی کۆمەڵگا دێنێتەوە یەک , لە حزبەکەی هاوڕێ مەنسور یشدا ئازادی هەر ئاوا لە ئەندامان هاتبووەوە یەک . زنجیرێک کە هاوڕێ مەنسور بە تیۆرریزە کردن لە دەست و قاچی ئەندامانیدا توند تری دەکردەوە , پتەو کردنەوەی دیسپلینی حزبی و ڕێکخستنەوە و پەرە پێدان و جێگیر کردنەوەی هەرچی زیاتری زنجیرە مەراتیب بوو . توندوتۆڵ کردنەوەی ناوەندێتی سەرەوە بوو . خڕ کردنەوەی پلە بە پلەی دەسەڵاتی حزبیی بوو لە دەستی کەمینەیەکی بچوکدا و دوا جاریش دانانی پاشایەک بوو بۆ وەر گرتنی ئەو دەسەڵاتە بە ناوی لیدەرەوە . شێواز و ڕوانگەی فکری هاوڕێ مەنسور لەمەڕ دەسەڵاتی حزبییەوە کۆ کردنەوە و لێ سەندنەوەی هەرچی زیاتری ئەو دەسەڵاتە بوو لە ڕیزەکانی خوارەوە و گوێزانەوەی زۆرەملێ یانەی بوو بۆ ڕیزەکانی سەرەوە . لە ڕیزەکانی سەرەوەشدا جگە لە پیادە کردنی سیستمی کەم کردنەوەی هەتا بکرێت ژمارەی خاوەندارێتی بۆ دەسەڵات , هەڵاواردنیش لە ئارادا بوو . لایەنگری هاوڕێ مەنسور بۆ هەڵاواردن لە تێڕوانینیەوە بۆ یەکپارچە بوونی حزب سەرچاوەی دەگرت . یەکپارچە بوونی حزبیش لای ئەو تەوەرە بەستن بووە لە هەڵسووڕاندا بۆ وەر گرتنی دەسەڵاتی سیاسی . لێرەوە بووە کە ئیتر ویژدان و بێ ویژدانی , ڕاستی و ناڕاستی , باش و خراپ , دڵسۆز و نادڵسۆز , لە یەکتری جیا نەکراونەتەوە . هەر بۆیەش هاوڕێ مەنسور پاڵپشتی کادری وای کردووە ( بە تایبەتی لە ناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دا ) کە لە گرووپ چێتی و پاوانخوازی و خۆسەپاندن وپیلانگێڕی زیاتر , فڕی بە سەر کۆمۆنیزمەوە نەبووە . لە حزبێکدا کە ئازادی لە ئەندامان وەر بگیرێتەوە و لە لایەن ڕابەرایەتییەوە پاوان بکرێت , دەبێت لە چەوساندنەوە و زۆرداری و شەڕە کورسی و بێ متمانەیی و چەواشە کردن و سیکتاریزم و لەت بوون و پاشەکشێ و وەلانانی پرەنسیبە کۆمۆنیستییەکان زیاتر , شتێکی تری لێ نەکەوێتەوە . لەزگە نان بە زوانی ئەندامانیدا لە ناو حزبدا و لێ کردنەوەی ئەو لەزگەیە لە دەرەوەی حزبدا و ڕوو بە کۆمەڵگا , ئەو ناکۆکی یەیە کە هاوڕێ مەنسور نەک چارەسەری نەکرد , بەڵکو بە پەردە پۆش کردنی گەورە تری کرد . ئاڵای ئازادیخوازی بە حزبێک هەڵناگیرێت کە سەرکوتی ئازادی لە ناو ڕیزەکانیدا بکرێت . ئەوەندەی شارەزایی بۆ سەرکوتی ئازادی پەیدا کراوە لە ناو ئەم حزبانەدا ئەگەر نیو ئەوەندە شارەزایی بۆ بردنە پێشەوەی ئازادی لە سەر ئاستی کۆمەڵگا پەیدا بکرایە , ئێستا حزبەکان لە پەراوێز بوون ڕزگاریان بووبوو .

بژار 2006-03-21

ماویەتی